# ( با بخووری خۆشەویستی لە ماڵە سپیەکانمان هەڵکەین )

نالە حەسەن



 رووت ببنەوە
خۆتان بدەنە بەر ئەو بارانەی
فێرتان دەکات ,
چۆن مرۆڤتان خۆش بوێ
چۆن گوڵەگەنم و سەوزایی و مۆنامۆی ئەوینیتان
خۆش بوێ ... !
رووت ببنەوە
خۆتان بدەنە بەر پرشنگی ئەو سپیدەیەی
فێرتان دەکات ,
چۆن لە گەل گۆرانیەکانی دەریاو
تاڤگەی رەنگە جوانەکانی بەهار سەما بکەن
ئێوە لە نێو کێلگەی خەزانەوە هاتوون
چیتر چرای خۆزگەکانمان بە گەردەلوولی نائومێدیەکانتان
مەکوژێننەوە .
ئێوە پێکهاتەیەکن لە لم / بە درکەلووکی بیابانی رۆحتان
چیتر دڵی پر لە برین و جەستە ماندووەکەی ئومێدمان
مەکولێننەوە .
دە لە نێو ئەشکەوتی شەوە ئەنگوستەچاوەکان وەرنە دەرێ
شەپۆڵەکانی تاریکی
هەناسەتانی سوارکردووە و بیناییشتان لێڵ
دە رووت ببنەوە
با زێتر /
رەنگ و رووخسار و
خەون و خەیاڵ و
بیرکردنەوەکانتان , رەشتر نەبێت ... !

بەم سەوڵە شکاوانەوە بە کوێ دەگەن ... ؟
چیتر خۆتان مەدەنە دەم رووبارەکانی قەدەر
چاو هەڵێنن / سیمای خەواڵووتان بە هەناسەکانی
شەونم بشۆن
پێ لە پەپوولەکانی زەردەخەنەی مندالآن مەنێن
بە سەر لاشەی کارمامزەکانی ( خۆرەتاو ) یش رێ مەکەن .
وا خەریکە هەموو وەرزەکان و سەدەکانی تەمەنمان
مێژوو و بوون و ئایندەمان ,
بە گۆرستان دەسپێرین ... !
درەنگە درەنگ
با بخووری خۆشەویستی لە ماڵە سپیەکانمان هەڵکەین و
لە کانیە روونەکانی بەرائەتیش
خونچە چاو گەشەکانی نێو باخچەکانمان ئاو بدەین ... !

کەنەدا .. 2003/9/16